---

## شەرمەزاری بۆ بکوژانی خۆپیشاندەرانی گەڕەکی ڕەحیماوا, دادگاییکردن بۆ تاوانباران.

لە ڕۆژی 1.1.2006 دا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی گەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکوك, وەك مافێکی ڕەوای خۆیان, بەشدارییان لە خۆپیشاندانێك لە دژی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و بەنزین و سوتەمەنییەکانی تر, کرد. دەسەڵاتدارانی ناوچەکە و هێزەکانی فرەڕەگەز لە جیاتی بەدەنگەوەهاتنی خۆپیشاندەران و چارەسەرکردنی کێشەکانیان , گوللەبارانی جەماوەری خۆپیشاندەریان کرد و لە ماوەیەکی کورتدا ژمارەیەکیان لێ شەهید و ژماەیەکی زیاتریشیان لێ بریندار کردن.
گوللە بارانکردنی خۆپیشاندەران بە هەر بیانوویەکەوە بێت, ڕەفتارێکی دژە مرۆیی نادیموکراتیکی ملهوڕانەیە کە دەسەڵات لە پێناوی تۆقاندنی جەماوەر و سەپاندنی بڕیارەکانی بەغدا, گرتوویەتییە بەر.

ئێمە وەك ڕێکخراوی (چاك) مافی خۆپیشاندان و ئازادی ڕادەربڕین و دەستگەیشتن بە پێویستییە سەرەتاییەکان, بە سەرەتاییترین مافەکانی تاك و کۆمەڵ دەزانین و ناڕەزایی توندی خۆمان لە بەرامبەر بەم ڕەفتارەی دەسەڵاتداران ڕادەگەیەنین و داوای لێکۆڵینەوەی دەستبەجێ و بەسزاگەیاندنی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە دەکەین. پێویستە نوێنەرانی جەماوەری خۆپیشاندەری گەڕەکی ڕەحیماوا ڕاستەوخۆ لەو لێکۆڵینەوەیەدا بەشدار بن و ئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیەش بە ئاشکرا ڕابگەیەنرێن.

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد –چاك**

2006/01/03

www.chak.info
chak_org@yahoo.com